# تاوانی پارتی لە دژی ئازادی سیاسی مەحکومە!

## (دەربارەی هێرشەکانی پارتی بۆ سەر ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری!

### حەمەغەفور

کاتێک لەسەر داوای جمهوری ئیسلامی ئێران یەکێتی نیشتمانی لە 14تەموزی ساڵی 2000 دا هێرشی چەکداری کردە سەر بارەگاکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، لەناو جەرگەی شاری سلێمانیدا 5 پێنج کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕی خەڵتانی خوێنکرد، کە ژیانی خۆیان خستبووە پێناوی ڕزگاری بێبەشان و ئازادی و یەکسانی ئینسانەکان و بەختەوەری و سەربەخۆیی خەڵک و کۆمەڵگای کوردستانەوە، جلال تاڵەبانی و حیزبەکەی یەکەمین کۆنەپەرستانێک نەبوون کە پێیانوابووبێت بە زەبری چەک و گرتن و تۆقاندن دەتوانن بەسەر کۆمۆنیزمدا سەرکەون. ئەوەتانێ ماوەی چەند مانگە بەرزانی و پارتی دیموکراتیش لەبەرامبەر کۆمۆنیستەکاندا بەهەمان هەڵەی حەریفەکانیاندا دەچنەوە و دەیانەوێ بەختی خۆیان لەسەر هەمان ئەسپی دۆڕاو تاقیکەنەوە. بە خەیاڵی خۆیان بەنیازن بە ملهوڕی و گرتن و تەقەکردن لە هاوڕێیانمان ئیرادەی کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕانەی کادر و ئەندامانی حیزبی ئێمە تێکبشکێنن، تا لەم ڕێیەشەوە بەر بە پەرەسەندنی شەپۆلی نارەزایەتی گشتی و جەماوەری لەدژی دەسەڵاتی لۆمپنیان بگرن و خامۆشیکەنەوە. بۆچی تەنها لەبەرئەوەی کادری حیزبمان (یوسف قادر) بەیان و تەبلیغاتی حیزب لە دژی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردن بڵاودەکاتەوە دوو جار لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە دەگیرێ و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت؟! یاخود بۆ دەبێ کادری حیبمان (بەشدار عەلی) بەهۆی ڕەخنەی ڕاشکاوانەی لە پەرلەمانتارانی کوردستان و نوسینی ووتاری ڕەخنەییەوە برفێنرێت؟! وەیا لەبەرچی کادری حیزبی ئێمە (جەبار سۆفی) لە شاری دیانە بەهۆی بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکان و وەرەقە تەبلیغتییەکانی حیزبەوە تەقەی لێدەکرێ و لە مەرگ دەگەڕێتەوە؟! ئەمانە تاوانی گەورەن لە بەرامبەر ئازادی سیاسیدا وەکو مافێکی کۆمەڵایەتی و گشتی. تاوانن بە کوشتن و سووکایەتیکردن بە ئینسانەکان و بە بیروباوەڕیان. بەتەنها ئەم پەلامارانەی پارتی بۆ سەر هاوڕێیانی ئێمە بەڵگەی تەواون بۆ پووچبوونی پڕوپاگەندەی بەرقەراربوونی ئازادی و دیموکراسی لە کوردستانی ژێر سایەی دەسەڵاتی عەشیرەیی ناسیونالیزمی کورددا!

شەقاوەچیتی و ئاژاوەنانەوە و کردەوەی دژی ئازادی و دژی خەڵکی پارتی و هێزەکانی بەرزانی لە بەرامبەر خەڵکی کوردستاندا، لە چەشنی ڕفاندنی کەمال سەید قادر و حوکمدانی بە 30 ساڵ زیندانی لە دادگای کارتۆنی و سەروخەڵکیەکەیدا، داپڵۆسینی نارەزایەتی توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستان و نەدانی مۆڵەتی ڕەسمی پێیان بۆ سازدانی خۆپیشاندان و ڕێپێوان، هەتا گرتن و ڕفاندنی هاوڕێیانمان (یوسف قادر) و (بەشدار عەلی) لە شاری هەولێر و تەقەکردن لە هاوڕێ (جەبار سۆفی) لە شارۆچکەی دیانا، درێژەی سیاسەتێکە کە لەژێر پەردەی درۆ و دەلەسەی بەرقەراربوونی ئازادی سیاسی و دیموکراسیدا 15ساڵە لە کوردستان پیادەدەکرێت و خەڵکی پێفریودەدرێت. سیاسەتێکە بۆ ئەوەی خەڵکی پێ ناچارکەن مل بۆ دەسەڵاتی عەشیرەیی و لۆمپنیان کەچبکەن و واز لە دەربڕینی نارەزایەتییەکانیشیان بهێنن کە بۆ دەرکێشانی مافەکانیان لەژێر چنگی ئەم تاڵانچیانە بەڕێکەوتووە. بەرزانی و حیزبەکەی دەیانەوێ بەم شێوازە بەعسیانەیە وە لە ڕێگای نانەوەی ئەم فەزای سەرکوت و تۆقاندنەوەوە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و

کۆمۆنیستەکانی کوردستان و ئازادیخوازانیش ناچارکەن دەسهەڵگرن لە سیاسەت و بیروباوەڕەکانیان و خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی و ڕێکخراوکردن و یەکگرتووکردنی خەباتی جەماوەری بخەنەلاوە. ئەمە ئیتر تاوانێکی گەورەیە لە دژی ئازادی سیاسی و مافە کۆمەڵایەتییەکان و خواستەکانی خەڵک و پارتی ناتوانێ خۆی لێببوێرێ.

ئەگەر بەرزانی و پارتی ڕاستدەکەن و بەهەق لە کوردستان ئازادی و دیموکراسییان بەرقەرارکردووە، بۆچی وەڵامی ڕەخنەی نووسەران و موخالیفانی سیاسییان بە زەبر و زەنگ و تۆقاندن و شوێنبزرکردن و ڕفاندن دەدەنەوە!؟ بۆچی بە تەقەکردن لە خەڵکی وەڵامی خواست و ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانیان دەدەنەوە؟! باشە هەر لە ڕیشەوە ئەگەر خەڵک لە هیچیان کەمنییە بۆچی دەڕژێنە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتی و ڕێپێوان سازدەکەن؟! نا، نەخێر، وانییە. کوردستان دوو کوردستانە! لەلایەک بۆ ژمارەیەک خاوەن حیزب و پیاوی حیزب و مەسئول و دارودەستەی خۆتان و حیزبەکانتان و چینە داراکانی کوردستان بۆتە فیرعەونستان و ژمارەی پیاوانی ملیۆنێر زۆر زۆر بووە. لەلایەکی تریشەوە کوردستان بۆ خەڵکەکەی و بۆ چین و تویژە هەژار و کەمدەرامەتەکانی جیاوازییەکی زۆری نییە لەگەڵ سەردەمی دەسەڵاتی بەعسییەکاندا! نان و ژیان و دەسەڵات و هەموو شتێک لەدەستی ئەم تاقمە لۆمپن و تاڵانچییانەدایە و بە زۆری چەک دەستیان بەسەریدا گرتووە، خەڵکیش دەبێ بۆ ژیان و گوزەرانی خۆیان و ماڵ و منداڵیان لە قوڕگی ئەم فیرعەونانەدا نان دەربهێنن! ئا لەم هاوکێشە چینایەتیەدایە کە حیزبی ئێمە جێگاوشوێنی بەرجەستەی هەیە و نەخشی کارسازی سیاسەتی ئەم حیزبە و هەڵسووڕانی کادر و ئەندامانی بە قوڕگی پارتیدا ناچێتەخوارەوە. هەر لێرەشەوەیە پارتی ناچارە لەناو "بەهەشتی ئازادی و دیموکراسی ژێر دەسەڵاتیاندا" کە بۆتە بنێشتەخۆشەی ژێر زمانیان، پەلاماری تیرۆریستی بۆ سەر ئەم حیزبە و کادرەکانی ئەنجامبدەن.

مێژوو تەجروبەی دەسەڵاتی ملهوڕ و سەروخەڵکی زۆری هەیە و هیچکام لەو دەسەڵاتانە بەو شێوازە نەیانتوانیوە ئیرادەی خەڵک و کۆمەڵگا تاسەر زەوتبکەن. هێزێک کە ڕۆژی دەیان جار ئیدیعای دیموکراسی و مافی مرۆڤ بە خەڵکی بفرۆشێت، دەبێت بیرێکیش لە چارەنووسی خۆی بکاتەوە. سەرەنجام پارتی دەبێت مل بۆ مەنتیقی سەردەم کەچبکات و دەسهەڵبگرێت لە سیاسەتی تۆتالیتاریستی و سەرکوتی موخالیفانی. ڕێزبگرێت لە ئازادی سیاسی و ئازادیە فەردی و کۆمەڵایەتییەکانیش بەڕەسمی بناسێت. چونکە بەم هێرشانەی بۆ سەر حیزبی ئێمە و کادر و هەڵسووڕاوانی نەک هەر پەیوەندی نێوان حیزبی ئێمە و خەڵکی کوردستان توندوتۆڵتر دەکاتەوە، بەڵکو خەباتی ئەم خەڵکە و ئەم کۆمەڵگایە بۆ پێچانەوەی دەسەڵاتی خێڵەکی و عەشیرەیی بەتاوتر دەکات.

بژی ئازادی سیاسی!

2006–4–2